کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
7-8-2007 0:42بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

5- 8- 2007- سوید

**عەلاوی بۆ زوگەڕایەوە، نەچوبۆ هەڵەبجەی شەهید؟!!. نەجمەدین شێخ بزێنی**



سەرکردە سیاسیەکانی عەرەب ئەوەندە خۆپەسەندو خۆ بەگەورە زانن، هەردەم لەدوای خەڵکیەوە لۆقە ئەکەن! نامەوێت بگەڕێمەوە بۆ مێژوی دورو درێژی ڕابردویان کەچۆن لەسەر دەمی پێغەمبەری ئیسلام درودی خووای لەسەر بێت، هەروەها خەلیفەکانی کەناسراون بەخولەفای ڕاشیدین، تووانیان ئیمپراتۆریەتێکی عەرەبی دروست بکەن لەژێر پەردەی ئیسلامەتیدا، کەتاکو ئێستاش وەک ئاین و کولتورو نەتەوە کاریگەری خۆی لەدەست نەداوە. بەڵام لەڕوی فەرمانڕەوایی ئیداریەوە، مەگەر هەر مێژو بیگێڕیتەوە کە چیان بەسەر هاتووەو بونە بەچەند پارچەو تائیفەوە هەر وەک ئاشکرایەو والەبەر چاوە!! دیارە مەبەستەکەی من لەم ووتارە لێرەوە دەست پێ ئەکات، بەڵام من نامەویت باس لەکەسایەتی عەرەب بکەم وەک نەتەوە، چونکە پەیوەندی بەناوەڕۆکی مەبەستەکەمەوە نیە، ئەوەی من لێرەدا ئەمەوێت ئاماژەی پێ بکەم عەرەبی ئێراقیە! ئاشکرایە زیاتر لەسێ چارەکە سەدەیە بەزۆرە ملێی و بەناڕەوایی دەوڵەتێکی ئێراقی بەناو عەرەبی دروست کراو، دامو دەزگای دەوڵەتی بۆ ڕاهێنراو، بەهەمو جۆرێ زلهێزەکان و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی هاوکاری و پشتگیری لێکرد، بەڵام ئەنجامەکەی ئێستاوالەبەر چاوە، کەچۆن ڕوخاو هەڵوەشایەوە؟!! ئەوەش هۆکارەکانی بەهەمو پێوەرێکی ڕامیاری و ڕۆشنبیری ئەگەڕێتەوە بۆ لاوازی و کەم توانایی کەسایەتیە سیاسیەکانی سەرکردایەتی عەرەب!! بەڵام لێرەدا پرسیار دروست ئەبێت، لەبەرچی؟! وەڵامەکەشی ئاشکرایە کەپەیوەندی بەبوواری زانستی و سیاسیەوە نیە، چونکە ئەوە لەبەرچاوە کەتاچ ڕادەیێک لەڕوی خۆ جونجاندن و دیبلوماسیەتەوە لەگەڵ ووڵاتانی دەرەوە، بەتایبەت زلهێزەکان، کەچۆن لەخزمەتیاندان! بەڵام ئەوەی جێگەی سەسوڕمانە لەناوەوەی ووڵات ئەوەندە خۆیان بەلاوە زاناو گەورەو پیرۆزە، بەرامبەرەکانی خۆیان گوم ئەکەن!! ئەوەش وەک ئەوەی کەخۆیان پێیان وایە هەرچی کە بیانەوێت ئەتوانن بیکەن بەبەرانبەر بەنەیارەکانیان! ئەمەش دیارە نەخۆشی خۆ بەزلزانینە، ئەم نەخۆشیەش کوشەندەیەو چارەسەری نیە، تەنها بە کۆتایی هاتنی خۆی کۆتایی دێت. لێرەدا ئەگەر بەوردی سەیری هەڵوێستی بەڕێزان دوکتور عەلاوی و دوکتۆر جەعفەری و دوکتۆر نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی ئێستای ئێراق بکەین، هەمویان دیاردەکانیان تێدا دەر ئەکەوێت. بۆنمونە کاتێک بەڕێز دوکتۆر ئەیاد عەلاوی جەڵەوی حوکمی گرتەدەست، ئەوەی لەبیر چو کەکورد وەک هاوبەش لەدەوڵەتی ئێراقیدا بەشدارەو، پیگەی تایبەتی نەتەوایەتی خۆی هەیە، نەک پارتێکەو وەیاچەند کەسایەتێیکی پایەبەرزن، بێجگە لەوەی کە کۆڵەگەی بنەماییین لەدروستکردنەوەی حکومەتدا، کەچی بەئاشکرا خۆی ئەدزیەوە لەداواکاریە ڕەواکانیاندا، تالەئەنجامدا کەوتوو هیچی بۆ کورد پێ نەبو!! هەروەها بەڕێز دوکتۆر ئیبراهیم جەعفەری کەهاتە جێگەی ئەوو بو بەخاوەن دەسەڵات، لەجیاتی سود لەهەڵەکانی ئەو وەربگرێ، بە پێچەوانەوە، وایزانی ئەو زیاتری پێ ئەکرێت لەدژایەتی کردنی یاسایێک کەخۆی مۆری لەسەرکردووە، بەڵام لەبەرژەوەندی مافی ڕەوای کوردایە، تەنانەت پەنای بردە بەر هاوبیرە ڕەگەز پەرستەکانی تورکیش، بەڵکو کارێکی گێرەشێوێنی دروست بکات و ئەو هەلومەرجانەی لە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

لەبەرژەوەندی گەلی کوردستانە پێ لەبار بەرێت، بەڵام چونکە هەڵەی کرد، بوبەهۆی لەبارچونی خۆیو بەر پرسیاری حزبەکەشی لەدەسدا، نەک هەر دەوڵەت!! دیارە کاروانەکەی بەڕێز دوکتۆر نوری مالیکیش لەڕێگایە هێشتا نەگەیشتۆتە جێ بۆیێ جارێ ناتوانین بڕیاری تەواوی لەسەر بدەین، هەر چەندە بەبۆچونی من لەوانی زیاتر پێ نیە، بەڵام ئەم لەوان زیرەک ترەو زیاتر هۆشیارانە بیر ئەکاتەوە، نایەوێت زۆر بەزەقی خۆی نیشانداو دڵی کورد بڕەنجێنێت. جا سەیر لەوەدایە، ئەو نەخۆشی خۆبەزلزانینە، کەمرۆڤ توشی ئەبێت، هەردەم هەڵەکانی ڕابوردوی خۆی لەبیر نامێنێت! هەروەکو والەبەر چاوە کەلەم ڕۆژانەدا ئەبینین، هەردو بەڕێزان، عەلاوی و جەعفەری وەک نەبایان دیبێو نەباران، کەهەستیان کردووە گۆڕانکارێێک دورنیە ڕوبدات لەدەوڵەتدا، ڕوویان کردۆتەوە کوردستان و چاو پێکەوتن لەگەڵ بەرپرسان و دەزگاپیروزە بەڕیوە بەرایەتیەکانی حکومەتی کوردستان!! دیارە بەنیازی خۆیان وابیر ئەکەنەوە ئەوان سەنگی تایبەتیان هەیەو، ئەتوانن شت بۆکورد بکەن، بەڵکو هەڵوێستی سەرکردایەتی کوردستان بۆ لای خۆیان ڕابکێشنەوەو، بەخەون وئاواتەکانی خۆیان بگەنەوە، هەتاکو ئەوەی لەدەوری یەکەم پێیان تەواو نەکرا، ئەمجارەیان تەواوی بکەن!! چونکە کولتورمان جیایە ئاگاداری ئەوەنین، کە پەندی پێشینانی کوردی ئەڵێت: ماران گەزتە لە خشەی مارمێلکیش ئەڕەوێتەوە، هەروەها، پەندێکی تری هەیە ئەڵێت: ئەوەی فێربوی بەشیری تەرکی ناکەی بەپیری!! دیارە ئەو تەمەنە دورو درێژەی کەبە بیری رەگەز پەرستی، دژبەمافەڕەواکانی گەلی کورد بردۆتیانە سەر، هەرگیز بەئارەزو مەندانە لێی دورناکەونەوە، کرداریش ئاوێنەی بیرو هۆشە؟! ئەوەش والەبەرچاوە، کە جەعفەری هێجی بەدەست نەهێناو تەنانەت سەردانی هەڵەبجەی شەهیدیش هیچی بۆ نەکرد، هەر گەڕایەوە بەغداو بیرە بۆگەنەگەی ئاشکراکرد، بەوەی ئەڵێت پێویستە سەرۆک کۆماوری ئێراق عەرەب بێت، ئەوە لە کاتێکیشدا کەبەڕێز مام جەلال بەپێی یاساو ڕاساو هەڵبژاردنی لەلایەن خۆشیەوە پەسەند کراوە کەئەبێت سەرۆک کۆماربێت، وەک ووتمان ئەو نەخۆشیە بیری مرۆڤ لەناو ئەبات، بەڕێزی بیری لەوەنەکردۆتەوە، کەکورد نەبەخێری ئەوو نەبەخێری دەستو دائیرەکانی ئەوەوە هاتووە بەشداری حکومەت بێت لە ئێراقدا، ئەبو ئەوە بزانێت کورد وەک هاوبەش بەشداری ئەکات لەپێک هاتەی حکومەتی ئێراقیدا، ئەگەر ئەوو لایەندارانی ئەو ڕازینین بەبەشداریکردنی هاوبەش، کوردیش سەد جار پەشێمانە!! بەهاوبەشیش ئەبێت کورد یەکی لەدوپۆستە گرینگە وەرگرێت، کەسەرۆک کۆمارو سەرۆک وەزیرانە، جاکامەی بەلای بەڕێزیانەوە پەسەندە دیارە کورد قەبوڵیەتی؟!! جالێرەدا وەڵامی پرسیارەکە ئەدرێتەوە، ئایە بەڕێز دوکتۆر ئەیاد عەلاوی بۆ نەچو بۆ هەڵەبجەی شەهید؟؟ وەڵامەکەشی ئاشکرایە کەدەرسی لە بەڕێز ئیبراهیم جەعفەری وەرگرت، کەهیچی بەدەست نەهێنا، ئەمیش پێی باشبو ئەو زەحمەتە نەکێشێت و بگەڕیتەوە، لە کۆتاییشدا ئێمەش دەست خۆشکەری لە سیاسەتی سەرکردایەتی سیاسی کوردستان ئەکەین و هیوادارین، نەیارانی کورد گرەو نەبەنەوە، دیارە بڕوا بەدۆستایەتی ناکرێت و دونیا دونیای بەرژەوەندە!!!.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.